# هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێت-دا

## «خوێندنەوەیەکی شیعرەکانی یوونس ڕەزایی»

ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

(١ - ٢)

(١)

کە دەقێکی ئەدەبی بەرهەم دێ، لە ڕووی چۆنیەتی پێوەندی ئەو دەقە لەگەڵ جیهانی دەقەکانی ترەوە، چەند پرسیار بەرجەستە دەبنەوە:

١- ئەو دەقە بە حوکمی خەسڵەتی نێوان دەقێتی چ پێوەندییەکی پتەو، یان سستی لەگەڵ کۆمەڵەی دەقەکانی پێش خۆی هەیە؟

٢- ئەو دەقە چۆن دەتوانێ ببێتە بناغە و بنەمای ئەو دەقانەی دوای ئەو بەرهەم دێن؟

ئەگەر وەڵامی هەرتک پرسیاری سەرەوە بەم چەشنە بدرێتەوە کە فڵانە بەرهەمی تایبەت، هەم پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەرهەمەکانی پێش خۆی هەیە و هەم ئەوەندە بە پێزە کە ببێتە بنەمای ئەو دەقانەی لە داهاتوودا دەنووسرێن، ئەوا ئەو جووتە وەڵامە، بە ئاشکرا خاوەنی ئەو دەلالەتەن کە ئەو دەقە تایبەتە بەشێوەیەکی ڕەمەکی و خۆڕسک بەرهەم نەهاتووە، بەڵکو بەپێی گەڵاڵەیەکی دارێژراو و بەپێی میعمارییەک لەناو مەنزوومەی دەقەکانی دەوروپشتی خۆیدا- کە لەم باسەدا ئەو مەنزوومەیە، بریتییە لە «کۆمەڵەی دەقەکانی شیعری کوردی»- جێگایەکی شیاوی بۆ دەستنیشان کراوە.

کاتێک دەگوترێ دەقێکی شیعری، سەرەڕای ئەوەی بەرهەمێکی داهێنەرانە و نوێخوازانەیە، دەبێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەش بێ کە بکرێ ناوی دەقێکی ڕەسەنی کوردی لەسەر دابنرێ و بتوانێ لەکەشوهەوای دەقەکانی کوردیدا هەناسە بکێشێ، ئەو بۆچوونە، بەم مانایەیە کە بەرهەمهێنەری دەقی کوردی دەبێ ئەوەندە لە کارەکەی خۆی دوور بێتەوە هەتا بتوانێ لەومەودا دوورەوە بڕوانێ کە دەقەکەی لەناو چ زەمینەیەکدا جێگر کراوە و قەرارە خۆی ببێتە بەرهەمهێنەری چ زەمینەیەکی تازەی تر.

ئەگەر دەقێک بە چەشنێک بەرهەم هاتبێ کە سستترین

پێوەندی لەگەڵ کۆی بەرهەمەکانی پێش خۆی هەبێ و هەر لەو کاتیشدا، نەتوانێ ببێتە بناغەی چەشنە نووسینێکی تایبەتی لە دوای خۆیدا، کارکردی ئەو دەقە، هەر بە تەنیا خوێندنەوەیەکی کەم کەڵکە کە بۆ خوێنەرێکی بە هەڵکەوت (تصادفی)یان خوێنەرێکی پەروەردە نەکراو، دەمێنێتەوە.

کەواتە بەرهەمهێنانی دەق، پێویستی بە چەشنێک «موهەندیسی» هەیە، موهەندیسییەک کە ئەو توانایە بدا بە بەرهەمهێنەری دەق هەتا هاوکات لەگەڵ وێناکردنی نەخشەی ڕەهەندەکانی ئافراندن و نوێکاری لە دەقەکەیدا، نەخشەی وڵاتی دەقەکانی پێش خۆی و هەروەها نەخشەی ئەو کێشوەرەی قەرارە خۆی بەشێوەیەکی لەناخدا هەڵگر (بالقوە) ڕەسمی بکا، لەبەرچاو بێ و بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەو کۆ تێبینییانەوە، دەقێکی ئەدەبی بەرهەم بێنێ.

ئەم باسە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی پۆلێنکارانە بۆ لێک هەڵاواردنی چەند خانەی جیاواز کە بەکردەوە بوونی خۆیان لە جوگرافیای شیعری کوردیدا سەلماندووە:

خانەی ئەو بەرهەمانەی زۆرترین (وپتەوترین) پێوەندییان لەگەڵ بەرهەمەکانی پێش خۆیان هەیە و بۆشیان هەیە ببنە ماکەی کۆمەڵە دەقێکی بە لێشاوی جیاواز بە پێناسەگەلێکی تایبەتی لەدوای خۆیاندا.

خانەی ئەو بەرهەمانەی هەر بە تەنیا لەسەر ڕشتەی پێوەندییان لەگەڵ بەرهەمەکانی پێش خۆیان، داسوکناون و ئیتر لێهاتوویی و گونجانی بەرهەم هێنانەوەی دەقی تازەیان نییە.

خانەی ئەو بەرهەمانەی پێوەندییەکی کەم (بەڵام نەک سست)، یان لەگەڵ کۆی دەقەکانی پێش خۆیان هەیە. کەچی دەشتوانن نەخشەیەک دارێژن بۆ داهێنانەکانی دوای خۆیان لە دەقەکانی تازەتردا.

شیعری «گۆران» دەقێکی چاک بەرهەم هاتووی چاک بەرهەم هێنەر بوو، واتە لەو پۆلێن کردنەی گۆڕیندا، خانەی یەکەمی پێ دەبڕێ.

شیعری «عەبدوڵڵا پەشێو» دەقێکی چاک بەرهەم هاتووی داهێنەرانە بوو، بەڵام تەواوی قسەی خۆی لە زمان پەشێوەوە کرد و دووپات کردنەوەی با لەلایەن کەسانێکی ترەوە بووبێ، دووپات کردنەوەیەکی بێ کەڵکی دەنگی پەشێو بووە. بە واتایەکی تر شیعری پەشێو، هەر بە تەنیا توانای بەرهەم هێنانەوەی خۆی هەیە و لەو خانەبەندی کردنە، لە خانەی دووەمدا جێگیر دەبێ.

ئایا بۆ خانەی سێیەم لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا، کۆمەڵە دەقێکی ئەوتۆمان پێ شک دێ کە پراکتیزەبوونی ئەو چەشنە پێوەندییە لەگەڵ دەقی پێش و دەقی پاش- کە تایبەتە بەم خانەیە- بسەلمێنێ.

با جارێ بەر بەندێک لە بەرانبەر هوروژمی وەڵامەکانی گونجاوی ئەو پرسیارە، بەرز کەینەوە و بەشێوەیەکی کاتی پشتی تێبکەین، ئەم پرسیارەتان وەکو پرسیاری ژمارە یەک لەبیربێ.

(٢)

هەڵبژاردنی بابەتی «شێتی» وەکو و چەمکی دەلالەتی دەسکردێکی زمانی، لە چاو هەڵبژاردنی بابەتێکی تری غەیری ئەم بابەتە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر خاوەنی دەلالەتی فرە لایەنە.

پێداگرتن لەسەر چەمکی «شێتی» لە شیعرو چیرۆکی دەورەیەکی تایبەتی دابوو بە سیمای بەرچاوی ئەدەبی ئەو دەورەیە و دوایەش زۆرجار بەشێوەی بەرو دوا، بەڵام بە چەشنی جیاجیا، ئاوازی بوونی خۆی دەچڕێ و سەمفۆنیای مانەوی ڕێک دەخست.

نووسین لە بارەی شێتی، وەکو نۆرمێکی کرداری گونجاو، بۆ هەڵسوکەوت لە جیهانێکی شێتدا و بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ ئەم جیهانە، ناسرا.

«نووسین لە بارەی شێتی، بە هەمووشێوە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتیشییەوە دەسەڵاتی خۆی لە بەستێنی ئەدەبدا دەست پێ کرد. چەند جۆری جیاوازی شێتی هەبوون کە سەرنجی نووسەرانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا: شێتی جەنگی سارد، شێتی کێبەرکێی چەک و چۆڵ تاوویاوەکانی ڕەگەز پەرستانە لە ئەمریکا، ئاژاوە و پیاو کوژییەکانی دەیەی شێست و شێتی تازە ئاشکرابووی شەڕی ڤێتنام.

هەڵبەت شێتی لە ئاستی تاکەکەسیشدا، بەشێوەی زۆر ڕەنگاو ڕەنگ، لە گۆڕێدابوو وەکو خەمۆکی و دەروون پرووکی و هانەکانی خۆکوژی» (١)

جگە لە تەواوی ئەو تراژیدیانە، مرۆڤی کورد، لەم سەدەیەدا کارەساتە سامناکەکانی تایبەت بەخۆی ژیاوە.

ئەوە ڕاپۆرتێک بوو لەوبارودۆخەی بە ڕواڵەت ئاوەزمەندانەترین پاساوی بۆ شێت بوون، یان نووسین لەبارەی شێت بوون دەدا، ئایا ئەو پاساوە بۆ ئەوە دەبێ ببێتە پێشەکییەک بۆ تێکشکاندنی ئەقڵییەتی مۆدێرن بە تایبەتی و بنیادی مۆدێرنیتە بەگشتی؟

هەر چۆنێک بێ، شیعری یوونس، ناوی شیعری شێتە، بەبێ ئەوەی ڕاشکاوانە باسی شێتی بکا.

(٣)

خودی «مانا» چەمکێکی سرکە و ئەو سرک بوونەش،

ڕێک کەوتن لە بارەیدا دژوار دەکا. نە خوازە، ئەم ڕێک کەوتنە بە شێوەی بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی زمانناسانە بێ و شەقڵی زانستی بوونیشی پێوە دیاربێ.

با تەعبیری «ئێمیل بنوێنیست» لەمانا بکەینە بنەمای باسەکەمان:

«مانای وشە بریتییە لە توانای ئەم وشەیە بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ یەکەکانی زمانی تر».

بەواتایەکی تر، مانای وشە بریتییە لە «توانستی تێکەڵاوی» ئەم یەکەیە کە لەناخیدا حەشار دراوە، ئەم دەربڕینە خاوەنی چەند دەلالەتی شاراوە و لاوەکییە:

**یەکەم**: توانست، یان مەیلی تێکەڵاوی، دەکرێ ڕێژە، یان پلەی بۆ دابنرێ، واتە گریمانی ئەوە بکەین، هەندێک لە یەکەکانی زمانی، خاوەنی مەیلێکی زۆرن بۆ تێکەڵاوی و لە هەندێک لەم یەکانەشدا، ڕێژەی ئەو مەیل و توانستە، دادەبەزێ و ئاستی چالاکی وشە لە خوارە.

**دووەم**: ئەگەر ئەو مەیلە بەشێوەی توانستێکی حەشاردراوە لەناو یەکەکانی زمانیدا جێگیر بووبێ، سروشتی لەناخدا- هەڵگربوونی ئەو وزەیە، وادەخوازێ کە بەشێوەیەک لەشێوە گونجاوەکان، دەکاربکرێ، واتە هەتا مانای یەکەکانی زمانی، بەشێوەی دەکار کردنیان لە پێکهاتەکانی سینتاکسی جیاواز دا، نەتە قێندرێتەوە، ئەو مانایە، دەرفەتی خۆ نواندی نابێ و هەروا بەدەست لێ نەدراوی و بەشێوەی سەر بەمۆر دەمێنێتەوە.

**سێیەم**: ئەگەر ئەم یەکە خاوەن مانایە- کە ماناکەی چاوەڕێی خۆنواندنە- لە شێوە سێنتاکسێکی تایبەتیدا چاک جێگای بۆ بکرێتەوە، ئەویش لە وەڵامدا، مانای خۆی ئازاد دەکا و تێکەڵ بە مانای ئازاد کراوی یەکەکانی تری دەکا و بەم شێوەیە، شەبەنگێکی ڕاڤە هەڵگر بەرهەم دێنێ، بەڵام هەر ئەم یەکەیە، ئەگەر لە شێوە نەحوێکی تایبەتیدا، چاک بەکارنەهێنرابێ و نەتوانێ توانای دەسەوملان بوونی لەگەڵ یەکەکانی تر پێشان بدا، ئەوا ماناکەی وەکو پێشوو، لە ناخیدا تەریک دەخاتەوە.

بەکورتی، ئاخێوەر- نووسەرێکی تایبەتی، دەتوانێ دەورێکی زۆر چالاک بدا بە هەمان ئەو وشەیە کە ئاخێوەر- نووسەرێکی تر، بەوپەڕی سستییەوە بەکاری هێناوە.

وزەی کۆکراوە و حەشار دراوی وشە، چۆن دەتەقێندرێتەوە و ئازاد دەکرێ؟ خوێنەرانی شیعر وا لێی ڕاهاتوون، لە چوونە پێش بەسەر هێڵەکانی ئاسۆیی و ئەستوونی شیعردا، دانە دانە وشەکان بخوێننەوە و بەسەریاندا تێپەڕن، چونکە بەشێوەی ئاسایی، یەکەمین بەکارهێنانی وشە لە ناو هێڵی شیعریدا، دوایین بەکارهێنانیشییەتی وکەم وا هەیە هەمان وشە، بەشێوەی جیاوازی تر، ئاوڕی لێ بدرێتەوە.لە ڕاستیدا سروشتی هێڵی بوونی ئەو شیعرانە، هەڵگری ئەو چەشنە مامەڵە کردن لەگەڵ یەکەکانی زمانییە.

شیعری شێت، لە یەکەم هەنگاوی قالب شکێنانەدا، ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە باوە لەگەڵ وشە وەلادەنێ، سیستمی هێڵی ناتوانێ زەرفییەتەکانی وشە، بە تەواوی هەڵێنجێ، چونکە هەر بەتەنیا دەرفەتی تێپەڕینێکی سەرەپێیی بەلای وشەدا دەڕەخسێنێ.

هەڵێنجانی ناواخنی وشە پێویستی هەیە بەسووڕانەوەیەکی بەردەوام بەدەوری وشە و ڕوانین بۆ ئەو یەکەیە، لە هەموو سووچە گونجاوەکانییەوە. ئەو چەشنە سووڕانەوەیەش، پێویستی بە تێکشکاندنی سیستمی هێڵی و کارکردن لەناو سیستمێکی بازنەیی و پێریۆدیک(*)دایە کە بکرێ تێیدا ژمارەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی وشەیان فرێکانسی چەند پات بوونەوەی یەکەکان بچێتە سەر.

لە شیعری شێتدا، کەسایەتی دەدرێ بە وشەیان بە واتایەکی دروستتر، چەندین کەسایەتی جیاواز دەدرێ بە وشە و هەر جارە، بە گوێرەی یەکێک لەو کەسایەتیانەوە، مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ.

لەو شێوە شیعرەدا، وشە وەکو ئۆیژەیەکی سپی چاوی لێ دەکرێ کە دەشێ بەهۆی هەموو ڕەنگەکانەوە تیشکی بخرێتە سەرو بەپێی جیاوازی ڕەنگی تیشکەکان، هەرجار شاهیدی ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی بین.

با بە ئاراستەیەکی وشکی تەواو سەرژمێرکەرانەوە،* شیعری شکست وەکو نموونەیەک بخوێنینەوە و بکەوینە ژماردنی نموودی وشەکانی خاوەن کەسایەتی ئەو شیعرە:

**«شکست»**

**چیها گۆرانی لە شکست و سەرسامیم**
**چیها تەنیایی لە شیعر و دڵم**
**چیها خودا لە تۆو تۆدا**
**شاراوە**
**سەرسامیم شاراوەترین گۆرانی شکست**
**(چیها شیعرلەتۆدا)**
**تەنیایی خوداییترین گۆرانی**
**(چیها شارانەوە لەدڵدا)**
**هەردرێژەی خۆمە ئەو دووکەڵە سەرسامە**
**ئەمسووتێنێ وەک پەیڤ**
**پەیڤی سووتانم لە ئەبەددا**
**چیها تۆ دەخوازێ**

**هەر پێوەندی خۆمە ئەم شاراوەییە**
**ئەمهۆنێتەوە وەک خودا**
**خودای شیعرم لە ئەزەلدا شاراوەترین تۆ**
**چیها گۆرانی لە شکست و سەرسامیم**
**لەتەنیایی و شیعرم**
**چیها خوداڵە بزەتدا**
**ئەهۆنمەوە**
**بمرە- تا**
**چیها کۆتایی**

ژمارەی نموودی وشەکان بەم شێوەیە:
شکست، گۆرانی، سەرسام، سەرسامی، تەنیایی: ٣ نموود
شاراوە- شارانەوە: ٤ نموود.
خودا- خودایی، تۆ: ٥ نموود.
خۆم، شیعر، پەیڤ: ٢ نموود
سەبارەت بەم شیعرە، چەند وردە سەرنجێک دەخەینەڕوو:

**یەکەم:**
ئەگەرخوێندنەوەکەمان، بەساکارترین ڕاڤەوە بەبەستینەوە و بمانەوێ پێوەندییەک لەنێوان ئەو وشانەدا بدۆزینەوە کە ژمارەی نموودەکانیان وەکو یەکە، بەسەرسوڕمانەوە دەبینین کە دەلالەتێکی جوان و ڕێتێچوو، خۆیادەبێ، بەم شێوەیە کە وشەکانی شکست و گۆرانی و سەرسامی و تەنیایی پێکەوە دەچنە خانەیەکەوە وشەکانی خۆم و شیعرو پەیڤ دەچنە خانەیەکی سەربەخۆوە و وشەکانی تۆو خودا، دەچنە خانەیەکی جیاوازی ترەوە.
ئایا لەوبەری پێوەندی نێوان وشەکانی «تۆ» و «خودا»، یان وشەکانی «خۆ» و «شیعر» و «پەیڤ» هیچ دەلالەتێکی قووڵ، خۆی نەشاردۆتەوە؟ ئایا لە مەدا کە وشەی شیعر، کە گەرچی لە وشەیەکی وەک گۆرانی، نزیکە بەڵام بەم حاڵەشەوە نەخراوەتە خانەی شکست و سەرسامی و تەنیایی و لە پەنای «خۆم» و «پەیڤ»دا جێگیربووە، مانایەکی تایبەتی چڕ نەکراوەتەوە؟

**دووەم:**
بۆدەستنیشان کردنی ژمارەی دووپات بوونەوەی یەکەکان، وشەی «نموود-م» بەکارهێناوە نەک وشەی جار، هۆیەکەشی ئەوە بووە سەرنجی خوێنەر بۆ لای چۆنیەتی خستنەڕووی کەسایەتیی جیاوازەکانی وشە، ڕابکێشرێ.

**سێیەم:**
لە دێری «چیها خودا لەتۆ و تۆدا» گەرچی تۆی یەکەم و تۆی دووەم، کتومت خاوەنی یەکە جێگەی نەحوی لەم ڕاستەیەدان، بەڵام دووپات بوونەوەی مانادار و خاوەن دەلالەتی ئەم وشەیە، سەرنجی ڕاڤەکەر بۆ لای خوردبوونەوە لە هستییە جیاوازەکانی وشەی «تۆ» ڕادەکێشێ، بەواتایەکی سادەتر، ئەو کار- کردەی کە پێشتر هەر لەناو پانتایی شیعری شێتدا بەشێوەی بەخشینی ڕۆڵەکانی جیاوازی سینتاکسی بە وشەیەک پێک دەهات، ئێستا بەشێوەی دووپات کردنەوەی وشە، لە هەمان جێگە و پێگەی نەحویدا، بەرهەم دێتەوە.
ئەو پێ داگرتنە، هێمایەکە بۆ چۆنیەتی ڕەگ داکوتان و پنج بەست بوونی وشە لەناو دەقی شیعری شێتدا.

(٤)

دەقەکانی شیعری، بەپێی جیاوازی بنیادەکانیان، خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن. واتە هەر خوێندنەوەیەکی تایبەت، چاوی لە دەقێکی شیعری تایبەتە، باپێکەوە سەبارەت بە خانەبەندی کردنێک بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقەکانی جیاوازی شیعری، پێک بێنین:
خوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر، بۆ ئەو دەقانەی، تێیاندا، هەندەسە جۆراوجۆرەکانی گوتە، کۆی یەکەکانی زمانییان گرتۆتە خۆ.
خوێندنەوەی تەکنیک-تەوەر، بۆ ئەو دەقانەی بەکارهێنانی تەکنیکە جۆراوجۆرەکان تێیاندا، ستراتیژی دەقەکە دەسنیشان دەکا.
خوێندنەوەی گێڕانەوە- تەوەر، بۆ ئەو دەقانەی بە مەنتیقێکی شاعیرانە، گوزارش لەوجیهانە تازە و جیاوازانە دەکەن کە بەهۆی شێوەکانی زمانی تازە و بەدوور لە مەنتیقی ڕیالیستی وێنادەکرێن.
خوێندنەوەی تێکەڵاو بۆ ئەودەقانەی، زۆر و کەم خاوەنی هەرسێک تایبەتمەندی ئاماژەی پێکراوی سەروەن.

خوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر، دەکرێ بۆ ئەو شیعرانە بەکاربهێنرێ کە لە ئاکامی یەکێک لە تواناییەکانی شاعیر- کە دەشێ بە «موهەندیسی وشە»، یان «میعماری گوتە» ناودێر بکرێ- قەوارە دەگرن.
لەم شیعرانەدا، پرۆسەی خوێندنەوە، وەک وردبوونەوە لەو پێوەندییە ساکار، یان پێچیاوانە دێتە ئاراوە کە بەشێوەی (تناسب) و (تقابل) و (توازی) گەڵاڵە دەکرێن. لەو چەشنە خوێندنەوەیەدا، بۆ بەرهەست کردنی مەسەلەی «وەخرانی مانا» (بە تعویق افتادن معنا) و

پێشان دانی قووڵایی دەلالەتەکان، دوای دۆزینەوەی هەر پێکهاتەیەک کە معیمارییەکەی دەستنیشان کراوە، دەکرێ لە پشتی ئەو پێکهاتەیە، هەوڵ بدەین بۆ گەیشتن بە پێکهاتەیەکی جیاوازی ئەوتۆ کە بشێ تێیدا، پێوەندییەکانی فرە لایەنی (تناسب) و (تقابل) و (توازی)، بەشێوەیەکی تازەتر، گەڵاڵە بکرێن، لەو چەشنە شیعرەدا، دەکرێ ئەوپرۆسەیە بەشێوەیەکی بەرودواو پێکهاتە دوای پێکهاتە دووپات بێتەوە.

خوێندنەوەی تەکنیک- تەوەر، بۆ ئەو شیعرانە کە تێیاندا، کەڵک لە تەکنیکە سادە و پێچیاوەکان، یان ناسراو و نەناسراوەکان وەرگیرابێ، خوێندنەوەیەکی وەڵام دەرو بەکارە. لەم چەشنە شیعرانەدا، مەرجی پێوەندی گرتن لەگەڵ دەقەکە، بریتییە لە دۆزینەوەی تەکنیکەکانی شیعری لەم دەقەدا، لە حاڵێکدا لە خوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر، پێوەندی گرتن لەگەڵ شیعر، بەندە بە دۆزینەوەی ساختمانی ڕاوەستاو، یان ڕەوانی دەقەکە.

**ما از کجا بدانیم (باران اگر که بند نیاید)**
**در کدام ایستگاه پیاده شدند**
**(و آسمان اگر کمی گرفته‌تر از این که هست)**
**از کدام اتوبوس این دو نفر؟**
**(پرنده‌ها اگر که روی شانه من- ما)**
**(پیدایش می کنیم)**

لەم شیعرەدا، تەکنیکێک بەکار هێنراوە کە خودی شاعیرەکەی، ناوی (پرش تداعی ها)، یان بازدانی بیرکێشەکێ-کانی لەسەر داناوە(٢): بەم مانایە کە تەواوی ئەو دەستەواژانەی لەناو کەوانە دان، خۆیان هەڵقورتاندۆتە ناو هێڵێکی جیاوازی تر.

بۆ هەندێک لە دەقەکانی شیعری، نەخوێندنەوەی پێکهاتە- تەوەر وەڵامێکی لەبار دەداتەوە و نەخوێندنەوەی تەکنیک- تەوەر، چونکەتێیاندا، نە میعماری گوتە، قسەدەکا و نە تەکنیکەکانی تازەش دەسەڵاتیان هەیە، بەڵکو تایبەتمەندی دیار و شیاوی باسی ئەودەقانە توانایان بۆ خولقاندنی ئەو کەشوهەواتازە و نەناسراوانەیە کە تێیاندا هەناسەکێشانی ئاسایی دژوارە، لەم کەشوهەوایانەدا، ڕوانینی ئاسایی و گوێدانی ئاسایی، کە هەموویان بەرهەم هاتووی مەنتیقی تێگەیشتنی ئاشنا، یان (شعور متعارف)ن، وەلادەنرێن.

هاتنی ئەو چەشنە دەقە بۆ پانتایی شیعری ئەمڕۆ، شتێکە وەکو هاتنی داستانەکانی عیلمی و تەخەیولی و سیبرپانک بۆ بەستێنی ئەدەبی داستانی نموونە (شیعری چنوور نامیق حەسەن):

**لەو دەمەوەی ئێمە و گریان دارییەکانمان کرد بەماڵی هاتوچۆی شەوان**
**ماڵئاوایی چۆلەکەکان بوون بە داڵدەی بێدەنگیمان**
**ڕووناکایی دەیکردین، بە حەرفی دەمی ماسییەکان**
**مەئیوسیمان لە ئاودا دەکوژانەوە**
**لەدوایەمین شەڕی گوناە**

**دەستە تێکئاڵاوەکانی شەپۆل چەندین جار دەیهۆندینەوە**
**ئەو دەمانە سووتەمەنی نەورۆزەکان جیاوازبوون/ یەکێک پەنجەی ترسێکی پیرۆزی دەکرد بە گڕ**
**هەبوو لە فرمێسکەکانی مۆمێکی باڵا کورتدا دەتوایە سەر کاغەزە ڕەش نووسەکان**
**تەمێ لەساتەوەختێکی بێ هانادا، خەیاڵی خۆی لە نزرگەی هەتاهەتایی خەونێکدا دەکرد بە هەڵم**
**شەوێ جەستەی سەمایەکی سڕی**
**لەهۆڵە خامۆشەکانی دیموکراتیەتی ماندوو دەخستەگڕ**
**زەمەنێ بوو ماندوو بوون لەخۆی ماندوو بوو**
**تەوەللا بوون دەستی لە پەنجەرە شکاوەکانەوە دەکرد بە ئاڵای بوونی خۆی**
**چەندین جار لە کەرنەڤاڵی ئەو ئاگرە بێ گیانەدا بۆ خۆم گەڕام(٣)**

(٥)

شیعری شێت، بەکام یەک لەم خوێندنەوانەوە دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ؟ ئایا دەقی ئەم شیعرە، دەقێکە کە تەکنیک تێیدا بڵاوە، یان هەندەسە لێیەوە خۆی دەنوێنێ، یان بەهۆیەوە، گێڕانەوە، لەسەر ڕاوە فۆرم دەدا بەجیهان؟

شیعری شێت، لە بناغەدا، دەقی پێکهاتە- تەوەر- دەکاتە ماڵی مانەوەی خۆی، لە هەنگاوی دووەمداو بە شێوەیەکی کاڵتر، لە چوارچێوەی ئەو ماڵەی گۆڕیندا، تەکنیکەکان تێک دەهاڵێنێ و لە هەنگاوی سێیەمدا، بەشێوەیەکی لەویش کاڵتر هێما بۆ گێڕانەوەی ئەفسوونەنا- ئاشناکان دەکا. بە واتایەکی تر، شیعری شێت، لە پلەی یەکەمدا، دەقێکی پێکهاتە- تەوەر و لە پلەی دووەمدا دەقێکی تەکنیک- تەوەر و لە پلەی سێیەمدا، دەقێکی گێڕانەوە- تەوەرە. وا هەیە لە هەندێک دەقی شیعری شێتدا، تایبەتمەندییەکانی تەکنیک تەوەرەیی و گێڕانەوە تەوەرەیی جێگایان بگۆڕنەوە، بەڵام سەروەری پێکهاتە تەوەر بوونی دەقەکان پارێزراوان.

**نموونەی یەکەم:**

**باڵێک هەژاران، باڵێک ڕۆچوون (١)**
**باڵندەییێکی دژوار بۆ فامی زەمان ــ من ــ (٢)**
**چاوێک ئەوین. چاوێک بزە (٣)**
**سەرچاوەیەکی زولاڵ بۆ شێتیم ــ تۆ ــ (٤)**
**باڵندەییێکی زولاڵم لە هەڵچوونی ئەوینتا (٥)**
**ئەی باڵێک لە شێتی (٦)**
**چاوەیەک لە دژواری زەمان (٧)**

با پێکهاتەی تۆێکڵی دەرەوەی ئەم شیعرە، وێنا بکەین. لە بەشی یەکەمی ئەم شیعرەدا (واتە لەچوار دێری سەرەتادا) دوو تەوەری «من» و «تۆ» بە هەموو دەست و پێوەندییەکانییەوە، لە پەنای یەکداو بەسەربەخۆیی، ڕادەوەستن. لە بەشی دووەمدا (سێ دێری کۆتایی) تەوەرەکان پێکدەگەن و ئاوێزانی یەک دەبن.

بەڵگەی ئەم ئاوێزان بوونەش بریتییە لە نیسبەت دانی ئاوەڵناوی زولاڵ کە سەر بە تەوەری «تۆ»یە (وەلای باڵندە کە سەر بە تەوەری «من»ە و هەروەها نیسبەت دانی چاوە کە سەر بە تەوەری «تۆ»یە) وەلای دژواری زەمان کە سەر بە تەوەری «من»ە لەپاڵ وشە و دەستەواژەکان ژمارەی دێرەکان نووسراوە.

| بەشی یەکەم | بەشی دووەم |
| --- | --- |
| جیابوونەوەی سووژەکان | تێکئاڵقانی سووژەکان |

١- جیابوونەوەی سووژەکان

| | تەوەری یەکەم | تەوەری دووەم |
| --- | --- | --- |
| سووژەی تەوەر | من (٢) | تۆ (٤) |
| تەعبیر لەسووژەی تەوەر | باڵندەییێکی دژوار بۆ فامی زەمان(٢) | سەرچاوەییێکی زولاڵ بۆ شێتیم (٤) |
| لێ دەرکردنی سووژەی تەوەر | باڵندە ⇐ باڵ(٥) | سەرچاوە ⇐ چاوە(٧) |
| نووکەبوونی لقەکان | باڵێک هەژاران(١) باڵێک ڕۆچوون(١) | چاوێک ئەوین(٣) چاوێک بزە(٣) |

- تێکئاڵقانی سووژەکان

| توخمەکانی سەر بەتەوەری یەکەم | | توخمەکانی سەر بەتەوەری دووەم |
| --- | --- | --- |
| (٥)باڵندە | ⇔ | زولاڵ |
| (٦)باڵ، شێتی | ⇔ | تۆ (سەرچاوەی ئەو) |
| (٧)دژواری زەمان | ⇔ | چاوەییک |

**نموونەی دووەم:**

**تا**

**تا فەرامۆشی نهێنی مەمکت هەتەر دەکا بیر**
**تا فەوتان.**
**بیری فەرامۆشی فەوتان، بێ مەمکت**
**کە مەحاڵ**
**کە درۆ**
**تا مەحاڵی مەمکت درۆزنی پەنجەم**
**گەڵا**
**گەڵا... پاییز**
**نهێنی پاییز، تا فەرامۆشی هەتەر دەکا**
**تا خۆم.**

**«تا»**

**تا فەرامۆشی نهێنی مەمەکت (١)**
**هەتەر دەکا بیر**
**تا فەوتان (٢)**
**بیری فەرامۆشی فەوتان، بێ مەمکت (٣)**
**کە مەحاڵ (٤)**
**کە درۆ (٥)**
**تا مەحاڵی مەمکت درۆزنی پەنجەم (٦)**
**گەڵا (٧)**
**گەڵا... پاییز (٨)**
**نهێنی پاییز تا فەرامۆشی هەتەردەکا (٩)**
**تا خۆم (١٠)**

دیسان بۆ دۆزینەوەی ڕووکەشترین ساختاری ئەم شیعرە، خۆمان بە گونجاوترین و ساکارترین ڕاڤەی ئەم دەقەوە دەبەستینەوە. ئەم شیعرە پیاسەیەکە لە ئاوەدانییەکەوە کە لە سەمبۆلی مەمکدا چڕبۆتەوە. هەتا ڕووخانێک کە بەسەر «خۆم»دا هەرەس دێنێ. پێش ئەو ڕووخان و هەرەس هێنانە، پەنجەکانی قوربانی بۆ لای مەمک- کۆگای ئاوەدانی- درێژدەبنەوە، بەڵام بەهۆی درۆزنی دەستەکەوە- کە دەکرێ لێرە درۆزنی بەهاوسەنگی دڕدۆنگی و ترسنۆکی پەنجەکان لێک بدەینەوە- پەنجەکان دانە دانە وەکو گەڵای پاییزی هەڵدەوەرن. (دانەوینەوەی پەنجەکان لەگەڵ هەڵوەرینی گەڵاکان، بە یەکدی بگرن). مەرگ لە شێوەی نهێنی پاییزدا «خود»ی خاوەن پەنجەکە، دەتەنێتەوە و ئەو خودە لەبەردەم ئاوەدانییەکدا، ڕۆدەچێتە ناو زەلکاوی فەرامۆشی، لەبەر ئەوەی کە نێوان ئەو ئاوەدانی و وێران بوونەدا چەند لەرینەوەیەکی بێ ئاکام، وەک

تەقەلای پێش مەرگ ڕوو دەدا، دەکرێ بۆ وێناکردنی پێکهاتەی ڕواڵەتی ئەم دەقە، دوو ئەستوون دیاری بکرێ و یەکێکیان تەرخان بکرێ بۆ ئاوەدانی و هەموو دەست و پێوەندە مانایییەکانی و ئەوی تر بۆ وێرانی و چەمکە نزیکەکانی تەرخان بکرێ.

ئەو دوو ئەستوونە و هەروەها لەرینەوە و هاتوچۆ لەنێوانیاندا دەکرێ لە پێکهاتەی خوارەوەدا نیشان بدرێ:

| | مانەوەی — ئاوەدانی | فەوتان — وێرانی | |
|---|---|---|---|
| (1) | نهێنی مەمک | | |
| | | فەرامۆشی نهێنی مەمک | (1) |
| | | ↑↓ | |
| | | فەوتان | (2) |
| (3) | فەرامۆشی فەوتان (بەندە بە مەمکەوە) | | |
| | | مەحاڵ و ون بوونی بیری فەرامۆشی فەوتان | (3و4و5) |
| | | ↑↓ | |
| | | نرۆزنی پەنجەی نرێونگ | |
| | | ↑↓ | |
| | | هەڵوەرین =پاییز= ناهاتنەوەی ناسەلانەی پەنجەکان | (7و8و9) |
| | | ↑↓ | |
| | | فەرامۆشی= مەرگ | (9) |
| | | ↓ | |
| | | خۆم | (10) |

بەگوێرەی ئەم پێکهاتەوە، دەبینین شەقامی ئاوەدانی چۆڵ و شەقامی وێرانی، قەوغایەیان با بلێین ماڵی ئاوەدانی وێران و یانەی وێرانی ئاوەدانە.

لەم وتارەدا، شیعری شێت-م کتومت بە هاوسەنگی شیعری یوونس بەکارنەهێناوە، چونکە هەم یوونس شیعری ئەوتۆی هەیە کە ناکەونە خانەی شیعری شێت و هەم شیعری شێت-یش خاوەنی مەنتیقێکی ئەو تۆیە کە چەند بەشێک و چەند لایەنێک لەو پێکهاتەیەی مەنتیقی ئەو شیعرە دەیخوازێ و هەڵیدەگرێ، هێشتا لە پەیڤی یوونس-دا، نەبۆتە بەشێک لە جوگرافیای شیعرەکانی. لێرەدا، لەنگەرێک و دوو هەڵوێستە بە پێویست دەزانم:

**یەکەم**: گومان لەوە دانییە کە داهێنەری ئەم ئەزموونە تازەیە لە پانتایی شیعری نوێی کوردیدا، یوونس-ە قسە لەوە دایە کە هێشتا تەواوی زەرفییەتی ئەو شێوازە شیعرییە لەچوارچێوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرەدا نەخراوەتە ڕوو، سروشتییە کە ئەو شاعیرەش هێشتا تەواوی شیعرە شێتەکانی نەنووسیوە.

**دووەم**: تەواوی ئەو شیعرانەی شاعیر کە ناکرێ بخرێنە خانەی شیعری شێت-ەوە. هەر کامە خاوەنی داهێنان و تازەگەری تایبەت بەخۆیانن کە دەبێ لە جێگای خۆی باسیان لێ بکرێ، بەڵام چوارچێوەی ئەم وتارە، باسی شیعرەکانی تری یوونس ناگرێتە خۆی.

نموونەیەک لەو شیعرانە کە بەپێی پۆلێن کردنەکەی پێشوو. دەکرێ وەک شیعرێکی «گێڕانەوە- تەوەر» بخوێندرێتەوە شیعرێکە بەناوی «پەری دەریایی لە...) بەشێک لەو شیعرە پێکەوە دەخوێنینەوە:

**لە کۆڵانە پێچاو پێچەکانی هەستیدا**
**بەشوێن شابانووی ئارامشەوە**
**لەگەڵ مەیتەرەکانی ڕووناکی پیر بووم**
**گورگ شاڵاوی شا بانوویان داوە:**
**چ بێ شەرم!**
**شابانوو دوایین جگەرەی پەرێشانی**
**لەنێو گلێنەی منا ئەکوژێنێتەوە و**
**قا... قا... قا...**
**بەو گەمیەوانە پێدەکەنێ**
**منی بەرەو کۆڵانەکانی مەرگ خۆش ئەویست**
**ئەم تۆڵە گورگە برسیانە**
**شەڕابی دڵی دایکم دەخۆنەوە**
**وێڕای مەرگ**
**ئەویش بەمەمکی پیرۆزی**
**شیرئەداتەوەچەی گریان**
**شابانوو خەریکی گوڵدۆزی کردنی دڵمەو**
**دایکم کۆبەی نەدامەتی دەگرێ..**
**دایکم شابانوونییە دەستە خوشکێتی**
**هەرگیز پێڵاوی یەکتری لەبەر ناکەن**
**بەڵام شابانوو کڵفەتی پەژارەکانی دایکم دەکا**

**کەچی**
**ئەو- هەموو زەڕنەقووتەکانی هیچی پەروەردە دەکا.**

* * *

گوتمان بەرچاوترین تایبەتمەندی شیعری شێت، تێکشکاندنی پێکهاتەی خەتی شیعر و بەخشینی پێکهاتەیەکی نا- خەتی بەدەقە. لە پێکهاتەی «خەتیدا» هەر یەکەیەکی زمانی لە پێوەندی دەگەڵ یەکەکانی پێش و پاشی خۆی پێناسەی بۆ دەکرێ، بەڵام لە پێکهاتەیەکی نا- خەتیدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندی ئەو یەکەیە لەگەڵ تەواوی دەق، ناتوانین لە مەنزوومەی ڕاڤەدا جێگایەکی بۆ بدۆزینەوە.

جگە لە خستە ڕووی کەسایەتییەکانی جیاوازی وشە، چەند تەکنیکی تر هەن کە مەنتیقی نا- خەتی بوونی پێکهاتەی دەق، دەیانخوازێ و دەکرێ لە مەودوا بۆ هەراو کردنی ڕووبەری ئەو ئەزموونە شیعرییە کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

تاک دەنگی بوونی دەقی شیعری، سروشتێکی هێڵی دەدا بەدەق بەپێچەوانە، تێکەڵ کردنی دەنگەکان لەناو دەقدا، ڕەوتێک پێک دێنێ کە بەهۆیەوە دەرەتانی پچڕاندنی پێڵەکان دەڕەخسێ، بەتایبەت ئەگەر ئەزمێکی دەسنیشان کراو، نەکرێتە بیانووی دیاری کردنی نۆرەی دەنگە جیاوازەکان و دەنگەکان بەبێ بەرنامە و لەنەکاو بخرێنە ڕوو، دەق بەشێوەیەکی جیدی لە قەیدی هێڵی بوون دەخەڵسێ. کارکردن بەم نەزمە دەسنیشان کراوە، «بابا چاهی» گوتەنی وەک ناردنی خاوەن- دەنگەکان بۆ پشت تریبۆنە، بە ئەدەب و لەسەرە خۆییەکی تەواو و بە لەبەرچاوگرتنی نۆرەی هەرکامیان(٤) ئەو ڕەوتەش- هەروەک گوتم- دووبارە تایبەتمەندییەکی خەتی دەداتەوە بە شیعر. وەک ئەو شیعرەی شاملوو:

**- نظر در تو می کنم ای بامداد**
**که با همه جمع چه تنها نشسته ای**
**- تنها نشسته ام؟**
**نه**
**که فارغ از من و از ما نشسته ام**
**- نظر در تو می کنم ای بامداد**
**که چه ویران نشسته ای**
**ویران؟**
**ویران نشسته ام**
**آری**
**و به چشم انداز امید آباد خویش**
**می نگرم.**

لەم شیعرەی شاملوودا، مەرجی سەرەتایی ناخەتی کردنی دەق واتە زیاد کردنی دەنگەکان لەبەرچاو گیراوە، بەڵام مەرجی دووەم واتە تێکدانی نۆرە و هەڵوەشاندنەوەی نەزمی زاڵ بەسەر وەدەنگ هاتنەکان، پشت گوێخراوە.

ئەو ڕەخنەیە لەبارەی شیعری یوونس، بەشێوەیەکی دوو قاتەوە وەڕاست دەگەڕێ زۆرێک لە شیعرەکانی یوونس، مەیدانی وەدەنگ هاتنی من-ێکی ئەکتیڤ و هەڵسووڕ و گوێ بیس بوون و بێدەنگ بوونی تۆ-یەکی پەسیو و بەستەزمانە. ئەو موخاتەبە بەردەنگە ئاشنایە، هەرگیز دەرفەتی دەنگ هەڵبڕینی پێ نادرێ و نابێتە لایەنێکی چالاکی وتووێژ، ئەو تۆیە لە جیاتی ئەوەی سووژەیەکی خاوەن پەیڤ بێ، ئۆبژەیەک کە هەر بە تەنیا شیاوی لێ خورد بوونەوە و دەست تێوەردان و سەنگ و سووک کردنە. ئەوەتان لەبیر بێ کە ئەو باسە، باسێکی مەعریفی نییە، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەو زەمینە تەکنیکییەوە دێتە ئاراوە کە پەیوەست-ە. بە پرۆسەی ناهێڵی کردنی دەقی شیعری شێت. تاک دەنگ بوونی دەقی شیعریش، ملۆزمێکی گەورەی ئەو پرۆسەیە. با پێکەوە ئەو چەند شیعرە تاک دەنگانە بخوێنینەوە:

**نموونەی(١):**
**«تا خۆت»**
**سەرەتایەک لەمن تا ئاوە دانیەک لەتۆ**
**تۆسەرەتایەک لە ئاوەدانیم**
**من ئاوەدانی ئەوینت- کە مەرگ**
**تۆمەرگی ئاوەدانیم- کە دووری**
**تۆ مەرگی من- تا ئەوەدانی سەرم**
**تا خۆت**
**سەرەتایەک لەمن داگیرساو**
**کۆتاییەک لەتۆ، سەوزی سەوز**

**نموونەی(٢):**
**تۆ لەنێوان بێعسەتی گوناه و**
**ڕەسووڵی تاوان دا**
**- کە من پێغەمبەرانە بمرم**
**ئێمانی کێ پڕی سروودی ئەهریمەن؟**
**من لە سۆنگەی تاوانی ئەهریمەنەوە**
**تابیعسەتی ڕەسووڵی گوناه**
**تا تۆ**
**ئەویندارانە سێو**
**ئەویندارانە ماچ**

داواکاری مەنتیقی شیعری شێت، شکاندنی سام و سەروەری ئەومن-ە دیکتاتۆرە و بەڕەسمی ناسینی دەنگە جیاوازەکانی ترە(٥). دوای ئەو پرۆسەی وەدەنگ هێنانەش، دەبێ نەزمی ڕادیۆیی(٦) زاڵ بەسەر دەنگەکان بسڕدرێتەوە.